# کورتکردنەوەی نوێژ بۆ ماوەی شەش مانگ

< كوردي >

## دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# قصر الصلاة لمدة ستة أشهر

< كردي >

## فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# کورتکردنەوەی نوێژ بۆ ماوەی شەش مانگ

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کراوە :

**پرسیار** : ئایا دروستە موسافیر ماوەی شەش مانگ نوێژەکانی کورت بکاتەوە، چونکە دەڵێن : هەندێك لە هاوەڵانی بەڕێز ( خوایان لێ ڕازی بێت ) کاتێك لە سەفەر بوون شەش مانگ نوێژیان کورت کردووەتەوە ؟ ئەگەر وایە چۆن ؟ .

**وەڵام** : سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

بەڵێ ڕاستە هەندێك لە هاوەڵان کاتێك لەسەفەر بوون ماوەی شەش مانگ نوێژەکانیان کورت کردووەتەوە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو ڕیوایەتەی کە لە عەبدوڵای کوڕی عومەرەوە ( خوایان لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە و کە وتوویەتی : { أَرْتَجَ عَلَيْنَا الثَّلْجُ وَنَحْنُ بِأَذْرَبِيجَانَ سِتَّةَ أَشْهُرٍ فِي غَزَاةٍ . قَالَ ابْنُ عُمَرَ: كُنَّا نُصَلِّ رَكْعَتَيْنِ } [رواه البيهقي في " السنن الكبرى " ( 6 / 174 ) ,وصحح إسناده النووي في " خلاصة الأحكام " ( 2 / 734 ) فقال " رواه البيهقي بإسناد صحيح على شرط الصحيحين " ، وصححه ابن الملقن في " البدر المنير " ( 4 / 546 ) ، والحافظ ابن حجر في " التلخيص الحبير " ( 2 / 97 ) والألباني في إرواء الغليل ( 3 / 28 ) ] ..

واتا : بۆ جیهاد و غەزا کردن لە ئازەربێجان بووین، ماوەی شەش مانگ بەفر بارین بەردەوام بوو لەسەرمان، عەبدوڵا دەڵێت : لەو ماوەیەدا ئێمە نوێژەکانمان بە دوو ڕکاتی دەکرد - مەبەستی نوێژە چوار ڕکاتیەکانە - .

ئەم ڕیوایەتە ئیمامی بەیهەقی لە پەرتووکە بەناو بانگەکەی ( السنن الكبرى ) ڕیوایەتی کردووە، وە ئیمامی نەوەوی یش لە پەرتووکی ( خلاصة الاحكام ) دا بە صەحیحی داناوە ، ئیمامی بەیهەقی بە

سەنەدێکی صەحیح و لەسەر مەرجەکانی بوخاری وموسلیم ڕیوایەتی کردووە، هەروەها ابن الملقن یش لە پەرتووکی ( البدر المنير ) دا بە صەحیحی داناوە، دیسان حافظ ابن حەجەری عەسقەلانیش لە پەرتووکی ( التلخيص الحبير ) دا ووتویەتی ڕیوایەتێکی صەحیحە، شێخی ئەلبانی یش لە ( أرواء الغليل ) دا بەصەحیحی داناوە ..

بۆیە دەبینین هەندێك لە زانایان ئەم ڕیوایەتە وهەندێك لە ڕیوایەتی تری هاوشێوەی ئەم ڕیوایەتانە کە لە هاوەڵانی بەڕێزە گێڕراوەتوە ( خوایان لێ ڕازی بێت ) دەکەنە بەڵگە بۆ ئەوەی ئەگەر هاتوو کەسی ( موسافر ) ماوەی سەفەرەکەی درێژ بوویەوە و نیەتی ئەوەشی نەبوو ئیقامە بکات و ببێت بە کەسێك جێگیر وخەڵکی ئەو شوێنەدا بۆی هەیە نوێژەکانی کورت بکاتەوە هەرچەند سەفەرەکی درێژە بکێشێت .. بۆ زیاتر زانیاری دەتوانن تەماشای پەرتووکی ( زاد المعاد ) ی ابن القيم الجوزية بەرگی ( 3 / لاپەڕە 448 ) بکەن ..

هەر بۆیە دەبینین جمهوری زانایان لە ڕاڤەی ئەم ڕیوایەتەدا ووتویانە : ئەوان نیەتی ئەوەیان نەبووە کە بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بمێیننەوە، بەڵکو چاوەڕوانی ئەوەیان کردووە کە کەش و هەوا ئاسایی ببێتەوە و سەفەرەکەیان بکەن ..

لەم بارەیەشەوە ابن القدامة ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) ووتویەتی : " **من لم يجمع الإقامة مدة تزيد على إحدى وعشرين صلاة ، فله القصر ، ولو أقام سنين ، مثل أن يقيم لقضاء حاجة يرجو نجاحها ، أو لجهاد عدو ، أو حبسه سلطان أو مرض ، وسواء غلب على ظنه انقضاء الحاجة في مدة يسيرة ، أو كثيرة ، بعد أن يحتمل انقضاؤها في المدة التي لا تقطع حكم السفر** " [ المغني 3 / 153 - 154 ] .

واتا : هەرکەسێك نیەتی ئەوەی نەبێت کە زیاتر لەماوەی بیست و یەك نوێژ دەمێنێتەوە، ئەوە بۆی هەیە نوێژەکانی کورت بکاتەوە ئەگەر چەند ساڵێکیش بمێنێتەوە، بۆ نموونە : کەسێك لە جێگایەك مایەوە بە مەبەستی بەجێهێنانی کارێك بە ئومێدی سەرکەوتنی کارەکەی، یان بۆ جیهاد کردن لە دژی دوژمنان ڕۆیشتبوو بۆ شوێنێك، یان کاربەدەستێك زیندانی کردبوو، یان لەبەر نەخۆشی نەیدەتوانی بگەڕێتەوە بۆ وولاتەکەی خۆی، جا چی گومانی زۆریشی وابوو کە کارەکەی لە ماوەیەکی

كورت یان زۆردا جێ بەجێ دەكات، دوای ئەوەی كە ئەگەری ئەوەی هەبوو لەو ماوەیەی كە حوكمی موسافیری لەسەر هەڵناگیرێت كارەكەی جێ بەجێ دەكات ،،،،

ابن المنذر یش ووتویەتی : زانایان كۆ دەنگن لەسەر ئەوەی ( موسافیر ) دەتوانێت نوێژەكانی كورت بكاتەوە ئەگەر هاتوو نیەتی مانەوە و ئیقامەی هەبوو، ئەگەر چی سەفەرەكەی چەند ساڵێكیش بخایەنێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەو ڕیوایەتەكەی كە عەبدوڵای كوڕی عەباس ( خوایان لێ ڕازی بێت )گێڕراویەتیەوە و دەڵێت : { أقام النبي صلى الله عليه وسلم في بعض أسفاره تسع عشرة يصلي ركعتين } [رواه البخاري ] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە هەندێك لە سەفەرەكانیدا نوزدە ڕۆژ ماوەتەوە و نوێژەكانی بە دوو ڕكاتی دەكرد ..

هەروەها جابری كوڕی عەبدوڵا ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە و دەڵێت : { أقام النبي صلى الله عليه وسلم في غزوة تبوك عشرين يوما يقصر الصلاة } [رواه الإمام أحمد في مسنده ] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە غەزوەی تەبوكدا بیست ڕۆژ مایەوە، ولەو ماوەیەدا نوێژەكانی كوورت دەكردەوە .

لەو فەرموودەیەش كە عیمرانی كوڕی حوصەین ( ڕەزای خوای لێ بێت ) ڕیوایەتی كردووە هاتووە : أن النبي صلى الله عليه وسلم أقام بمكة ثماني عشرة لا يصلي إلا ركعتين [ رواه أبو داود ] .

واتا : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) هەژدە ڕۆژ لە مەككە مایەوە ( مەبەست پێی لە ڕۆژی فەتح كردنی ) و لەو ماوەیەدا نوێژەكانی تەنها بە دوو ڕكاتی دەكردن – مەبەست پێی نوێژە چوار ڕكاتیەكانە - .

هەموو ئەم ڕیوایەت و فەرموودانەی ئاماژەمان پێدان بەڵگەن لەسەر ئەوەی كە مرۆڤی موسڵمان ئەگەر هاتوو سەفەری كرد بۆ جێگایەك و لای ڕوون نەبوو كە چەند ڕۆژ دەمێنێتەوە و چەندی پێدەچێت، ئەوا دروستە تا ئەو كاتەی دەگەڕێتەوە بۆ شوێن وجێگای نیشتە جێ بوونی خۆی نوێژەكانی كوورت بكاتەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو ماوەی سەفەرەكەی دیاری بوو، بۆ نموونە : ئەگەر

سەفەری کرد بۆ جێگایەك بۆ ماوەی دە ڕۆژ، سەرەتا لای ڕوون بوو کە دە ڕۆژ دەمێنێتەوە، ئەوە جمهوری زانایان دەڵێن : دەبێت تەنها چوار ڕۆژ نوێژەکانی کوورت بکاتەوە، دوای چوار ڕۆژ دەبێت نوێژەکانی بە چوار ڕکاتی بکات و کوورتیان نەکاتەوە، چونکە ماوەی سەفەرەکەی لا ڕوونە، بە پێچەوانەی ئەو کەسەی سەفەر دەکات بۆ شارێك یان وولاتێك و لای مەعلوم نیە چەند ڕۆژی پێدەچێت ئەوا دەتوانێت لەو ماوەیەی کە دەمێنێتەوە نوێژەکانی کوورت بکاتەوە، ئەگەر ماوەیەکی زۆریشی پێ بچێت ...

خوای گەورەش زاناترە ...